Child Protection
Iraq Child Protection Sub-Cluster

# هەماهەنگی مرۆیی
# و
# شێوازی کاری کڵەستەر

## ڕێبەریەکی پوخت بۆ ڕێکخراوە لۆکەڵی/ناوخۆییەکان


Global Education Cluster | TRANSLATORS WITHOUT BORDERS | Save the Children

**ئەم ڕێبەریە بۆ یارمەتیدانتانە لە تێگەیشتن لە شێوازی کاری کڵەستەر. ئەم ڕێبەریە تێڕوانینێکی گشتیتان پێدەدات دەربارەی ئەوەی بۆچی گرنگە ڕێکخراوەکەتان بەشێک بێت لە کڵەستەرێک.**

### شێوازی کاری کڵەستەر چیە؟

بریتیە لە کۆمەڵێک پێکهاتە و پرۆسە و بنەما و پابەندی، بۆ هەماهەنگی کردنی کاری مرۆیی کاتێک حکومەتێکی نیشتمانی داوای پشتیوانی نێودەوڵەتی دەکات. ئامانجیشی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مرۆیی باشتر ڕێکبخات و بەرپرسیارانەتر دەربکەوێت لە بەرانبەر کەسانی زیانمەندی/لێقەوماوی قەیرانەکان.

### کڵەستەرەکان چیین؟




کڵەستەرەکان بریتین لە چەند گروپێکی خۆبەخشی ڕێکخراوە مرۆییەکان کە لە کەرتە تەکنیکییە تایبەتەکانی کاری مرۆیی کار دەکەن، لە بەشە شینە تۆخەکانی دایاگرامەکەدا لێرە پیشان دراون. کڵەستەرەکان بریتین لە: ئاو و ئاوەڕۆ، شەڵتەر، پاراستن، خواردن، لۆجستیک، تەندروستی، ئاسایشی خۆراک، پەیوەندی لاسلکی، پەروەردە، بوژانەوەی زوو، هەماهەنگی و بەڕێوەبردنی کەمپ.

هەریەک لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان (لۆکاڵی و نێودەوڵەتیەکان)، ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بزوتنەوەی خاچی سوور/مانگی سوور، و دامو دەزگا حکومییەکانی بەشدار لە وەڵامدانەوەی مرۆیی، دەتوانن ببنە ئەندام لە کڵەستەرەکاندا. کڵەستەرەکان هەماهانگی بۆ کارەکان دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە کاری هاوبەشی سەرجەم ڕێکخروەکان پێکەوە، باشترین بەرهەمی بۆ زیانمەندانی قیرانەکان لێدەکەوێتەوە لە هەموو ئەو قۆناغانەی کە لە تیرەکانی دایاگرامەکەدا نیشان دراون. قۆناغەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست بریتین لە: ڕێگرتن،

هێورکردنەوە، ئامادەکاری، کارەسات، وەڵامدانەوە، بوژانەوە، دوبارە بنیاتنانەوە.

کڵەستەرەکان پەرە بە ستراتیژیەکی هاوبەش و نەریتە باشەکان دەدەن، پێشگیری لە دووبارەبوونەوە دەکەن، کەلێنەکان چارەسەر دەکەن و زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن. کڵەستەرەکان توانای نیشتمانی بۆ خۆئامادەکردن بۆ حاڵەتەکانی لە ناکاو بونیات دەنێن و داکۆکی لە کاری مرۆیی کاریگەرتر و بەرپرسیارانەتر دەکەن. هەموو کڵەستەرەکان بەرپرسن لە سەرخستنی بنەماکانی پاراستن و ڕێگەگرتن لە بەرکاهێنان و دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی.

١١ کڵەستەری نێودەوڵەتی هەن. هەمان ئەو کڵەستەرانە دەکرێت لە ئاستی نەتەوەیی و هەندێک جاریش لە ئاستی خۆجێیدا بۆ وەڵامدانەوەی حاڵەتی لەناکاوی تایبەت چالاک بکرێن. هەر کڵەستەرێک لە ئاستی نیودەوڵەتیدا لەلایەن ڕێکخراوێک یان دوو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕێکخراوی ناحکومیی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبرێت. لەسەر ئاستی وڵاتێک، زۆربەی کات کڵەستەرەکان بە هاوبەشی ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوێکی ناحکومیی بەڕێوەدەبرێن. ڕێکخراوەکانی پێشەنگی کڵەستەر دەبێت ئامادەبن بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ کەسانی زیانمەند لە شوێنێک کە ڕێکخراوەکانی تر ناتوانن.

| |
|---|
| کڵەستەری پەروەردە بە هاوبەشی لە لایەن ڕێکخراوی یونیسێف و رێکخراوی منداڵپارێزی جیهانی لە ئاستی جیهان دا، بەڕێوە دەبرێت. گروپێکی ڕاوێژکاری ستراتیژی، ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانیان لەسەر کارە لە پێشینەییەکانی کڵەستەرەکە دەخەنە ڕوو. لەسەر ئاستی وڵات، زۆربەی کات کڵەستەری پەروەردە بە هاوبەشی لە لایەن ڕێکخراوی یونیسێف و منداڵپارێزی جیهانیەوە بەریوەدەبرێن، بەڵام دەکرێت ڕێکخراوێکی ناحکومیی دیکەش ببێتە هاوبەشی بەرێوەبردن. |

## بۆچی پێویستە ڕێکخراوەکەم ببێتە ئەندامێک لە کڵەستەردا؟

هەرچەندە لە کارکردندا هەندێک سنووردارە، بەڵام سیستەمی کڵەستەر دەتوانێت وا لە ڕێکخراوەکەتان بکات کە بەشێوەیەکی باشتر خزمەت بە خەڵکی زیانمەند بگەیەنێت، لە ڕێگەی:

- زیادبوونی کاریگەری، دید و تێڕوانین و تێگەیشتن لە ڕێکارەکان.
- دەرفەتەکانی پارەدارکردن (دەستکەوتنی فەند).
- دەستگەیشتن بە ڕێنوینی و پاڵپشتی تەکنیکی.
- دەستگەیشتن بە زانیاریەکان سەبارەت بەوەی کە ئەوانی تر خەریکی چین و کەلێنەکان چین و لەکوێن.
- دەرفەتەکانی هاوبەشێتی/ شەراکەت لە گەڵ ڕێکخراوەکانی تر.

## ئایا ڕێکخراوەکەم دەتوانێت کاریگەریەکی گەورەتری هەبێت بە ئەندامبوون لە کڵەستەرێکدا؟

یەک ڕێکخراو بە تەنیا دەتوانێت تێبکۆشێت بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەخشەران و بەرپرسانی نیشتیمانی. بۆ نموونە، لەوانەیە هەست بەوە بکەیت کە ڕێکخستنەکانی هاوبەشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕوون نین، یان هەست بەوە بکەیت کە داواکاریەکانی بەخشەر بۆ پێشنیارەکانی پارەدارکردن زۆر سنووردارن، یاخود بەرپرسانی نیشتیمانی بە شێوەیەکی ناپێویست ڕێ لە دەستگەیشتنی مرۆیی دەگرن. ئێوە دەتوانن ئاسانتر قەناعەتیان پێ بکەن کاتێک لەگەڵ ڕێکخراوە ئارەزوومەندەکانی تر، پێکەوە کاردەکەن. هەروەها ئێوە دەتوانن تێڕوانین و کاریگەری ڕێکخراوەکەتان زیاد بکەن بە بەشداری کردن لە کارێکی هاوبەشی کڵەستەرەکەدا لە ڕێی چوونە پاڵ گروپی کاری تەکنیکی کار یان گروپی ڕاوێژکاری ستراتیژی، یان بە هاوبەشی بەرێوەبردنی کڵەستەرەکە.

## ئایا ڕێکخراوەکەم دەتوانێت بودجە لە ڕێگەی کڵەستەرەوە بەدەستبهێنێت؟

کڵەستەرەکان ڕاستەوخۆ پارە دابین ناکەن، بەڵام ئەندامانی کڵەستەر توانای دەستگەیشتنیان هەیە بۆ میکانیزمەکانی فەند وەرگرتن، کە ئەوانەی ئەندام نین ناتوانن دەستیان پێبگات. بۆ نموونە، ئێوە دەتوانن بە گشتی تەنها [داوای کۆمەک/ بەخشین لە سندوقی یەکخراوی وڵات](#) بکەن ئەگەر ئێوە ئەندامی کڵەستەربن. قسەکردن سەبارەت بە پێداویستیەکانی بەرنامەکانتان لەگەڵ کڵەستەری پەیوەندیداردا دەتوانێت کەلێنی سەرەکی پارەدارکردن بۆ بەخشەر، نیشانبدات. هەروەها زۆرجار بەخشەرەکان پێشبینی ئەوەیان لەو ڕێکخراوانەی پارەیان بۆ تەرخان دەکەن هەیە ئەوە بسەلمێنن و پیشان بدەن کە پرۆژەکانیان لە گەڵ ستراتیجیەکانی کڵەستەرەکەدا یەکدەگرێتەوە.

.ئەم ڕێبەریە لە لایەن ڕێکخراوی منداڵپاریزی جیهانی و کڵەستەری پاراستنی منداڵ-عیراق، وەرگێڕدراوە*

:سەرچاوە https://www.educationcluster.net/localization

کلەستەرەکان یارمەتیدەرن بۆ بڕیاردان لەسەر چۆنیەتی تەرخانکردنی فەندی سندوقی یەکخراوی وڵات، کە بەخشش و کۆمەکی دارایی چەند بەخشەرێک لە یەک سندوق کۆ دەکاتەوە. دەستەی یارمەتی مرۆیی و هەماهەنگی نەتەوە یەکگرتووەکان و OCHA ، ئەم بودجەیە بۆ چەندین پرۆژە لە ئاستی وڵاتدا تەرخان دەکەن. هەروەها کلەستەرەکان پەرە بە ئامانجەکان و چالاکیەکان و بودجەی هاوشان بۆ کەرتە تایبەتمەندەکانیان وەک بەشێک لە پلانەکانی وەڵامدانەوە/بەهاناوەچوونی مرۆیی پێدەدەن. بەخشەرەکان بۆ پەرەپێدانی ئەولەویەتی پارەدانیان/بەخششەکانیان، پشت بە پلانی وەڵامدانەوەی مرۆییی کلەستەرەکان دەبەستن.

## ئایا ڕێکخراوەکەم دەتوانێت دەستگەیشتنی هەبێت بە پشتیوانی تەکنیکی بە چوونە پاڵ کلەستەرێک؟

ڕێکخەرانی کلەستەر و ئەندامانی دەستە لەوانەیە توانای پێشکەشکردنی ئامۆژگاریان هەبێت لەسەر ئەو کێشە تەکنیکیانەی کە بۆ ئێوە نوێن. لەوانەیە ئێوەش بتوانن هەمان شت بۆ ئەندامەکانی تر بکەن. هەروەها چەند کلەستەرێک دیسکی یارمەتی لەدوورەوەیان هەیە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامەکان و هەندێکیش شارەزای پاڵپشتی تەکنیکی ڕەوانە دەکەن بۆ وڵاتێک/شوێنێک کاتێک کلەستەرێک پێویستیەک دەستنیشان دەکات.

هەروەها ڕێنمایی تەکنیکی تایبەت بە کەرتەکان بە بەربڵاوی بە ئۆنلاین بەردەستن و پێویست ناکات ئێوە ئەندامی کلەستەرێک بن تا ئەم ڕێنمییانە دابگرن. بۆ نموونە نامیلکەی سفیەر (Sphere Handbook) کە لایەنی کەمی ستانداردی مرۆیی بۆ ئاو، بەکارهێنانی تەندروستانە و پاکوخاوێنی، ئاسایشی خۆراک و خواردن، پەناگە و نیشتەجێبوون و تەندروستی لەخۆ دەگرێت و بە زیاتر لە 35 زمان بەردەستە.

## چ زانیاریەک دەتوانم لە کلەستەرێک وەربگرم؟

کلەستەرەکان، ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی زانیاری بەرهەم دەهێنن وەک چوار پرسیارەکان "4W" کە بریتیە لە: کام کارە؟، کێ ئەنجامی دەدات؟، کەی؟ و لەکوێ؟. ئەمانە دەتوانن یارمەتی ڕێکخراوەکەتان بدەن بۆ ئەوەی بڕیاری بە ئاگایانەی باشتر بدەن دەربارەی ئەوەی چ بەرنامەیەک ئەنجام بدەن و لە کوێ ئەنجامی بدەن. هەروەها کلەستەرەکان بەرپرسن لە ئامادەکردنی هەڵسەنگاندنەکانی پێویستییەکان و شیکردنەوەی کەلێنەکان وەک بنەمایەک بۆ ئەولەویەتی پارەدارکردن و ستراتیژیەکانی وەڵامدانەوە. کاتێک زانیاری هاوبەش دەکەن لەسەر بنەمای تێگەیشتن و شارەزایی ڕێکخراوەکەتان، ئێوە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و فراوانتر و باشترکردنی کوالیتی گشتی.

## ئایا دەتوانم هاوبەشیەکانم فراوان بکەم بە چوونە پاڵ کلەستەرێک؟

ئێوە دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەدا دروست بکەن کە هەماهەنگی کاری کلەستەرەکە دەکەن، یان لەگەڵ ئەندامانی تری کلەستەرەکە. بە هەمان شێوەش لە گەڵ بەرپرسانی نیشتیمانی. ئەمە دەشێت ڕێگەتان پێ بدات زانیاری لەگەڵ ڕێکخراوە هاوبیرەکان بگۆڕنەوە و شارەزایی تەواوکاری بۆ خۆتان بەدەست بهێنن. هەروەها پەیوەندی بەهێز دەتوانێت ببێتە هۆی پارەدارکردنی هاوبەش یان پەیداکردنی هاوبەش بۆ داکۆکیکردن و ئەدڤۆکەسی، لەگەڵ هەردوو ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و نەتەوەییدا. بنەماکانی هاوبەشی کە بە شێوەیەکی بەرفراوان پەسندکراون گرنگی یەکسانی و شەفافییەت لەو پەیوەندیانەدا بەرجەستە دەکان.

## چ شتێک پێویستە بۆ بوون بە ئەندامی کلەستەرێک؟

هیچ پێوانەیەکی جێگیری ئەندامێتی و پرۆسەیەکی داواکاری بۆ چوونە پاڵ کلەستەرێک بوونی نیە، بەڵام چەند فاکتەرێک هەن کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێن:

- وەبەرهێنان و تەرخانکردنی کات بۆ بەشداریکردنی بەردەوام: توانای بەشداریکردن لە کۆبوونەوە ئاساییەکان، پێدانی زانیاری نوێ بۆ پەرەپێدانی ستراتیژی، هاوبەشی کردنی زانیاری پەیوەندیدار و بە وادە لە کۆبوونەوەکاندا، پێشکەشکردنی شارەزایی تەکنیکی لەکاتی پێویستدا، ئامادەیی بۆ وەرگرتنی پۆستی هاوسەرۆکایەتی ئەگەر پیویست بوو، بەرزکردنەوەی سەرنج بۆ ئەولەویاتەکانی داکۆکیکردن/ئەدڤۆکەسی.
- پەیوەستی کارەکەتان: جێبەجێکردنی بەرنامەی پەیوەندیدار بە کلەستەرێک یان زیاتر
- کەمترین پابەندیەکان: ڕێکخراوەکەتان پێویستە:
  - پاڵپشتی لە پرەنسیپی/ بنەماکانی کاری مرۆیی، بێلایەنی، یەکسانی و سەربەخۆیی بکات.
  - پابەندبێت بە ڕێنمایی کلەستەر و بەرجەستەکردنی پاراستن لە هەموو بەرنامەکان، لەوانە ڕێزگرتن لە بنەماکانی جیاوازی نەکردن و "زیان نەگەیاندن"

*ئەم ڕێبەریە لە لایەن ڕێکخراوی منداڵپاریزی جیهانی و کلەستەری پاراستنی منداڵ-عیراق، وەرگێردراوە.

:سەرچاوە https://www.educationcluster.net/localization

Child Protection
Iraq Child Protection Sub-Cluster

o ئامادە بێت بۆ بەشداریکردن لەو کارانەی کە بە شێوەیەکی تایبەت پەرە بە بەرپرسیارێتی بدات بۆ کەسانی زیانمەند بە گوێرەی یابەندیەکان بۆ بەرپرسیارێتی بۆ دانیشتوانی زیانمەند و شەش بنەما سەرەکیەکانی پەیوەندیدار بە دەستدرێژی سێکسی

| |
|---|
| کۆبوونەوە و بەڵگەنامەکانی کڵەستەر بە زۆری بە زمانی فەرمیی وڵاتێک یان بە زمانە نێودەوڵەتییەکانی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی دەبێت. پێویستە کڵەستەرەکان بە زمانی گونجاو وەرگێڕان دابین بکەن (لەوانە زمانی ئاماژە) بۆ ئەوەی هەموو هاوبەشەکانی کڵەستەر بەشدار بن، بە ڕێکخراوە ناوخۆییەکانەوە. ئەمە بەداخەوە هێشتا نەریتێکی ستاندارد نییە، بەڵام هەندێک کڵەستەر لە چوارچێوەی جیاوازدا هەوڵی بۆ دەدەن. |

## چۆن ڕێکخراوەکەم دەتوانێت ببێتە ئەندامی کڵەستەرێک؟

- بزانە کامە کڵەستەر زۆر پەیوەندیدارن بە کارەکەتەوە. ماڵپەڕی humanitarianresponse.info یاخود reliefweb.int بکەوە بۆ بەدی کردنی لیستێک لە دەستەی چالاک و ناوچەکانی بەرپرسیارێتیان. لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانن ئەم زانیاریانە لە ماڵپەڕی ئەو دامەزراوە حکومیەی کە لە وڵاتەکەتاندا بەرپرسە، بدۆزنەوە.
- ئەولەویتە ستراتیجیەکان بۆ ئەو دەستانە لە وڵاتەکەتاندا بدۆزەوە و بزانە کامەیان گونجاوترینن بۆ چالاکیەکانی بەرنامەکەتان: ئەمە یارمەتیتان دەدات بۆ ئەولەویەت دانان بۆ ئەو گفتووگۆیەی تێدا بەشدار دەبن.
- دۆکیومێنتی ستراتیجی پێویست لە ماڵپەڕی ئاماژەپێدراوی سەرەوەدا مەرجە بەردەست بێت. هەروەها خاڵەکانی سەرەکی ستراتیجیەکە وەک بەشێک لە پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی بۆ وڵاتەکەتان بڵاودەکرێتەوە، دیسانەوە لەو ماڵپەڕانەدا بەردەستە.
- ئەندامێک یان زیاتر لە ئەندامێکی سەرەکی ستافەکەتان کە توانستی تەکنیکی پەیوەندیداری هەبێت بۆ کارکردنی بەردەوام لە گەڵ ئەو دەستانە، دەستنیشان بکە.
- ڕێکخەرانی کڵەستەری پەیوەندیدار لە وڵاتەکەتاندا لە ماڵپەری سەرەوە، دیاری بکەن. ئەوانە لەجیاتی کڵەستەرەکە کار دەکەن، نەک تەنیا بۆ ڕێکخراوی خۆیان، بۆ ئەوەی بتوانن ئامۆژگارییەکی بێلایەن سەبارەت بەچۆنیەتی کارکردن، دابین بکەن. هەروەها ستافی OCHA دەتوانن ڕوونکردنەوەی زیاتر لەسەر سیستەمی کڵەستەر لە وڵاتەکەتاندا فەراهەم بکەن.

## کام پێکهاتانەی تر بەشێکن لە کڵەستەر؟

لە هەر وەڵامێکی مرۆییدا، سەرجەم کڵەستەرەکان لە شێوەی گروپێکی هەماهەنگکاردا پێکەوە کار دەکەن کە ڕێکخراوی OCHA سەرکردایەتیان دەکات. هەروەها سەرۆکەکانی ڕێکخراوی OCHA و ڕێکخراوی دیکەی چالاکی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومییە ناوخۆیی و نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان و بزووتنەوەی مانگی سوور لە ناو تیمی مرۆیی وڵات دا کۆدەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی ستراتیژی وەڵامدانەوەی مرۆیی. ڕێکخەری مرۆیی سەرکردایەتی تیمی مرۆیی وڵات دەکات. ڕێکخراوەکانی سەرکردایەتی کڵەستەرەکان دەکەن، بەرپرسن لە بەرزکردنەوەی نیگەرانی و ئاڵەنگاریەکانی تایبەت بە کڵەستەرەکان لەگەڵ تیمی مرۆیی وڵاتدا. هەروەها نوێنەرانی حکومەتی نیشتمانی و بەخشەرانیش لە هەندێک تیمی مرۆی وڵاتدا ئەندامن.


تیمەکانی مرۆیی وڵات و ئەندامەکانیان دەتوانن ئەو کێشانەی کە لە لایەن کڵەستەرەکانەوە لە وڵاتەکەدا بۆیان بەرزکراونەتەوە، لە لایەن خۆیانەوە جارێکی تر بەرزی بکەنەوە بۆ بۆ کڵەستەرە نیودەوڵەتیەکان لە ئاستی جیهاندا، بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکە لە لیژنەی هەمیشەیی نێوان ڕێکخراوەکاندا. ئەم لیژنەیە لەلایەن ڕێکخەری فریاگوزاری حالەتی تەنگانەوە سەرۆکایەتی دەکرێت و سەرۆکی دەزگا کاراکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، فیدراسیونی نێونەتەوەیی خاچی سور و مانگی سور، کۆمیتەی نوودەوڵەتی خاچی سور و نوێنەرایەتی کۆمەڵەی ڕێکخراوە ناحکومییە جیهانیەکان، پێکەوەکۆدەکاتەوە.

جگە لە کڵەستەرەکان، دەستپێشخەریش هەیە بۆ هەماهەنگی کردنی دەستێوەردانە مرۆییە فرە کەرتیەکان و خزمەتگوزاریەکانی تر. بۆ نموونە، ئەندامانی گروپی کاری پەیوەندی و بەشداری کردنی کۆمەڵگا لەوانەیە هاوئاهەنگی بکەن لەسەر زیادکردنی بەرپرسیارێتی بۆ بەشداری کردنی کەسانی زیانمەند.

.ئەم ڕێبەریە لە لایەن ڕێکخراوی منداڵپاریزی جیهانی و کڵەستەری پاراستنی منداڵ-عیراق، وەرگێردراوە*
:سەرچاوە https://www.educationcluster.net/localization

لە دەرەوەی سیستەمی کڵەستەردا، ڕێکخراوە ناحکومییەکان زۆر جار هەماهەنگی دەکەن، زانیاری ئاڵوگۆڕ دەکەن و داکۆکی دەکەن لەو دەستانەی خۆیان بنیاتیان ناوە. ئەم دەستانە خۆبەخۆ لە لایەن ئەندامانەوە بەڕێوەدەبرێن و پێکەوە لە سەر ڕاسپاردە و پێشنیارەکانیان و پێوانەی ئەندامێتی ڕێکدەکەون. ئەمانە دەتوانن تۆڕێکی پشتیوانی بەسوود بن ئەگەر ڕێکخراوە ناحکوومیەکان هەست بکەن کڵەستەر نیگەرانییەکانیان چارەسەر ناکات. ژمارەیەک لە کۆمەڵەی ڕێکخراوە ناحکومییە جیهانییەکان پشتگیری ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەن بۆ بەشداریکردن لە سیستەمی مرۆیی نێودەوڵەتیدا. ئەمانە بریتین لە ICVA، InterAction، کۆمیتەی ئاراستەکردن بۆ وەڵامدانەوەی مرۆیی و تۆڕی NEAR.

ئەم دایاگرامە پێکهاتە سەرەکیەکانی هەماهەنگی ڕێکخراوە ناحکومیەکان نیشان دەدات کە دەتوانن لە ئاستی جیاواز دا بەشدار بن.




ئایا سیستەمی کڵەستەر بەسەر هەموو قەیرانە مرۆییەکاندا جێبەجێ دەبێت؟

چونکە قەیرانی مرۆیی لە قەبارە و ئاڵۆزیدا جیاوازی هەیە، پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ دۆخەکەدا بگونجێنرێت و دەکرێت هەماهەنگیەکە بشگۆڕێت کاتێک وەڵامدانەوەیەک پەرەدەسەنێت. سیستەمی کڵەستەر کاتێک جێبەجێ دەکرێت کە حکومەتێکی نیشتمانی توانای سنوورداری هەبێت بۆ هەماهەنگی کردنی وەڵامێکی مرۆیی و بانگهێشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ سەرکردایەتی کردنی هەماهەنگیەکە. لە چوارچێوەکانی تردا، بەرپرسانی حکومەتی نیشتیمانی و ناوخۆیی سەرکردایەتی هەماهەنگیەکە دەکەن، لەکاتێکدا ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوسەرکردایەتی دەکەن، لەم حاڵەتانەدا، گرووپە کانی هەماهەنگی بە زۆری بە "سێکتەر" ناودەبرێن، نەک "کڵەستەر". سێکتەرەکان بەگشتی هەمان ئاستی دابینکردنی سەرچاوە و پشتگیری داراییان بۆ فەراهەم ناکرێت کە بۆ کڵەستەرەکان فەراهەم دەکرێت.

لە چوارچێوەی وەڵامدانەوەی قەیرانی پەنابەراندا، ئاژانسی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان UNHCR، هەماهەنگی بۆ کاری مرۆیی دەکەن و سێکتەر دادەمەزرێنێن کە لەوانەیە لە لایەن دامەزراوەیەکی خانەخوێی حکومی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و رێکخراوە مرۆییەکانی ترەوە سەرکردایەتی بکرێن یان بە هاوبەشی سەرکردایەتی بکرێن. لە چوارچێوەی کۆچی تێکەڵدا، رێکخراوی کۆچی نیوودەوڵەتی، ئاژانسی کۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ڕۆڵی هەماهەنگکار بگێرێت. لە رێکخستنە تێکەڵەکاندا، کە کەسانی زیانمەند بریتین لە پەنابەران، کۆچبەران، ئاوارە ناوخۆییەکان و گروپەکانی تر، کڵەستەرەکان دەتوانن بە هەماهەنگی ئاژانسی پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، پێکەوە بوونیان هەبێت. لەکاتێکدا ئەم میکانیزمانە کار و جێبەجێکردنی کارەکانی هەماهەنگیان جیاوازە، بەڵام زۆرێک لەو بنەمایانەی لەم ڕێبەرەدا بەرجەستەکراون بەسەر هەمووانداا جێبەجێدەکرێت.

هەندێ کورتکراوە:

داتابەیس بۆ کێ چی دەکات و لە کوێ و کەی 3W / 4W

ناوچەی بەرپرسیارێتی - AoR

OCHA رێکخەری فریاگوزاری حاڵەتی لە ناکاو، سەرۆکی جیهانی -ERC

دەستەی پاراستنی جیهانی - GPC

رێکخەری مرۆیی -HC

.ئەم رێبەریە لە لایەن رێکخراوی منداڵپاریزی جیهانی و کلەستەری پاراستنی منداڵ-عیراق، وەرگێردراوە*

سەرچاوە: https://www.educationcluster.net/localization

تیمی مرۆیی وڵات - HCT
پوختەی پێداویستیەکانی مرۆیی -HNO
سوڕی بەرنامەی مرۆیی - HPC
پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی - HRP
لیژنەی هەمیشەیی نێوان رێکخراوەکان - IASC
ئەنجومەنی نێودەوڵەتی رێکخراوە خۆبەخشەکان - ICVA
گروپی هەماهەنگی نێوان کلەستەرەکان/ کەرت - ICCG / ISCG
رێکخراوی ناحکومی نێودەوڵەتی - INGO
هەڵسەنگاندنی پێداویستیەکانی فرە کەرتی - MSNA
رێکخراوی ناحکومی - NGO
ئۆفیسی هەماهەنگی کاروباری مرۆیی -OCHA
گروپی ڕاوێژکاری ستراتیژی - SAG
راپۆرتی بارودۆخ - Sitrep
رێکاری پێوانەیی کارکردن -SOP
مەرجەکانی گەڕانەوە/ ڕاسپاردە و پێشنیار - ToR
گروپی کاری تەکنیکی - TWG / TWiG
کۆمسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتوویکان بۆ پەنابەران - UNHCR
سندوقی نەتەوە یەکگرتوویکان بۆ منداڵان - UNICEF
بەڕێوەبردنی زانیاریەکان - IM
ئەفسەری بەڕێوەبردنی زانیاری-IMO
تۆڕی هاوبەشی رێکخراوەکان بۆ پەروەردە لە حاڵەتەکانی لە ناکاودا – INEE